# ئەركی سەختمان لە پێشە، دەبێ حزبو كادرانی خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەركە فەوریو حەساسانە ئامادەبكەن

## گفتوگۆ لەگەڵ سامان كەریم سەرۆكی مەكتەبی سیاسی سەبارەت بە باسو پەسەندكراوەكانی پلنیۆمی 19ی كۆمیتەی ناوەندی

**سازدانی: سەعید ئەحمەد**

**ئۆكتۆبەر: پلنیۆمی 19 لە هەلومەرجێكی حەساسی كۆمەڵگای عێراقو خەباتی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراقدا بەسترا. سەرەتا دەمەوێ بپرسم گرنگترین باسو پەسەندكراوەكانی ئەم پلنیۆمە چی بوون؟ چەندە وەڵامدەرەوەی ئەم قۆناغەی وەزعی سیاسی عێراقو ئەركو خەباتی حیزب بوو؟**

سامان كەریم: هەلومەرجی سیاسیو كۆمەلایەتی ئەمرۆی كۆمەل لەعێراقدا گەیشتۆتە بارێكی هێجگار ئالۆزو لێك ترازاو. بەبروای من، هۆی سەرەكی یان مۆتیڤێك كە هەمیشە كێشە سەرەكیەكان دەمەزەردو بەرهەم دەهێنیتەوەو گەورەتری دەكات، داگیركاری ئەمەریكایە، كە ڕێگای داوە بە سەرهەڵدانی تەواوی كێشەكانی دیكە لە نەبونی ئەمنیەتەوە بگرە تاكو شەری تائیفیو تیرۆریستی نێوان هێزە ئیسلامیو تیرۆریستە جیاوازەكان لەلایەكو لەبەرانبەر ئەمەریكادا لە لایەكی دیكەوە.

باسو بڕیارو بڕیارنامەكانی پلنیۆم، دەكرێ لە سێ تەوەرەی سەرەكیدا كورت بكەینەوە. یەكەمیان ئامادەیی حزبو ڕابەرییەكەیەتی بۆ وەلامدانەوە بەو هەلومەرجە حەساسەی كە ئیوە باسی دەكەن. لەمبارەوە هەم باسێكمان هەبوو بەنیوی "حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراقو دابینكردنی ڕابەرییەكی كۆمەلایەتی" كە گفتو گۆیەكی فراوانی لەسەر كرا لەلایەن بەشداربوانەوە، كەتیایدا ئامادەیی سیاسی ڕابەری حزب وەك ناوەرۆكی ئالۆگۆرپێدانی حزب بۆ حزبیكی سیاسی كۆمەلایەتی بەیان كرا وجەختی لێكرایەوە. لەم مبارەوە ڕۆلی ڕابەری حزب وەك ڕابەرێكی كۆمەلایەتی بزوتنەوەی چینایەتی كرێكارو بزوتنەوە كۆمەلایەتیەكانی دیكەو بەگشتی وەك ڕابەری كۆمەڵگا، كە لە ڕیزی پێشەوەی بزوتنەوەی جەماوەریدایە بۆ وەڵامدانەوە بەكێشە چارەنوسسازەكانی ئەمڕۆی كۆمەڵ لە عێراقدا. بەلام تەوەرەیەكی دیكە ئەوە بوو كە حزب لە چوارچێوەی پرۆسیسێك كە ئالۆگۆر دەهێنێت بەسەر خۆیدا، بەناچار پێویستە وەك حزبیكی قانونی بە یاساو بڕیارو پرەنسیپە ڕیكخراوەییەكانی خۆی كار بكاتو ڕوبەڕووی شكاندنی یاساو بڕیارە ڕیكخراوەییەكان بوەستێتەوە، كە بە بڕوای من ئەم تەوەرەیەش ئەگەرچی وەك باسێك پێشكەش نەكرا، بەلام پلنیۆم لە باسەكانی خۆیدا مۆرێكی لەم ئاراستەیە دا، كە بەگشتی بارێكی پۆزەتیڤی هەبوو. ئەمە خالی یەكەمو سەرەكی پلنیۆمی ئێمەبوو. كە بەكورتی بە یانی ئەوە دەكات، حزب تەنها وەسیلەی ئالۆگۆر بەخشی هەلومەرجی ئێستایە بەدەستی ئێمەوە، بە قازانجی خەڵكی عێراق، بە قازانجی چینی كرێكارو هیواو ئامانجەكانی، بە قازانجی لاوانو ژنانو مافو ئارەزوەكانیان، بە قازانجی خەڵكی كوردستانو بەرژەوەندیەكانیان. لێرەوە هەم ئەركەكانی سەرشانمان فراوانو حەساستر دەبنەوە، لەلایەكی دیكەشەوە، سەدەها بار جەخت لەسەر ئالۆگۆرپێدانی حزب دەكات بۆ حزبێكی سیاسی ماركسستی بە هێزی شۆرشگێر، بۆ ئەوەی بتوانێت وەلام بداتەوە بە نیازەكانی ئەمرۆی خەڵكی عێراق. تەوەرەی سەرەكی دووەم، باسی هەلومەرجی سیاسی ئەمرۆی عێراق بوو كە لە بڕیارنامەیەكدا پێش كەش بە پلنیۆم كرابوو. پلنیۆم ئەم بڕیارنامەیەی قبوڵكرد. مەسەلەی سەرەكی ئەم بڕیارنامەیە ڕابەریكردنی بزوتنەوەیەكە بۆ كردنەدەرەوەی داگیركەرو ڕۆلی بەرجەستەی حزب لەم ئاراستەیەدا. تەوەرەیەكی تر، باس بوو لە پێكهێنانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان. دیارە پێش تر ئێمە لە مانگی كانونی دووەمی ساڵی 2002دا ، لە كۆنگرەی دووەمی حزبدا لە شاری سلێمانی ئەم بڕیارەمانداو سپاردمان بەكۆمیتەی ناوەندی. پلنیۆمی 19 زەنگێكی تری لێدا، بۆ جێبەجیكردنی ئەم بڕیارەو سپاردی بە مەكتەبی سیاسی كە لەماوەیەكی كورتدا جێەجێیبكات. لە ڕوانگەی منەوە ئەو سێ تەوەرەیە گرینگترین باسەكانی پلنیۆمی ئێمە پیك دەهێنێت. ئەوە بەجیا لەوەی كە چەندین بڕیارو بڕیارنامەی دیكە هەبوون كە پەیوەست بوون بە بەهێز كردنی مەیدانە جیاوازەكانی حزبەوە لە كۆنگرەی ئازادی عێراقەوە بگرە تا دەكاتە ریكخراوە كرێكارییو جەماوەرییەكانی دیكە.

وەلامی بەشی دووەمی پرسیارەكەتان ئەوەیە كە، پلنیۆم جێگایەكە كە سەركردایەتی حزبیك تیایدا كۆدە بیتەوەو بڕیاری سیاسی خۆی دەدات لە پەیوەند بە مەسائیلە سەرەكیەكانی كۆمەلەوە. ئەگەر مەسەلە وەڵامی سیاسیو عەمەلییە بە كێشەكانی ئەمڕۆی عێراقو كوردستان، من پێم وایە پلنیۆم لەباری سیاسیەوە وەلامی پێداوەتەوە. ئەوەی دەمینێتەوە، جێبەجیكردنی ئەم بڕیارانەو ئالۆگۆرپێدانی حزبە بە وێنەی حزبێكی سیاسی بەهیز كە دەستەویەخە خەباتی خۆی دەكات لەپێناو گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیداو بەم پێیەش رزگاركردنی كۆمەلو چینی كرێكارە لە مەئساتو كوێرەوەرییەك كە تیایدا دەژێت. ئەم بەشەیان كە تەوەرەی سەرەكییەو بە بێ بوونی رابەرییەكی ئاوەها ئامادە هیچ ناكرێت، ئەمەیان لە دەستی سەركردایەتی حزبدایە.

**ئۆکتۆبەر: لێکدانەوەی پلنیۆم لەسەر هەلومەرجی ئەمڕۆی عێراق، ئایندەی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق‌و ئایندەی حکومەتی مالکی‌و سەرەنجام ئایندەی کۆمەڵگای عێراق چی بوو؟**

سامان کەریم: پلنیۆم بە گشتی لەسەر ئەوە هاوڕابوو کە فاکتەری سەرەکی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی نێو عێراق‌و هەروەها شەڕی تائیفی‌و جەنگی نێوان تیرۆریستە جیاوازەکان‌و نەبونی ئەمنیەت‌و خزمەتگوزاری‌و چارەسەرنەکردنی کێشەی سەرەکی خەلکی کوردستان، ئەمەریکایە بەوێنەی هێزیکی داگیرکەر. خاڵێکی سەرەکی ئەوەبوو کە لە بڕیارنامەکەدا سەبارەت بەهەلومەرجی سیاسی عێراق بە ڕۆشنی ئاماژەی پێکراوە، بنبەست‌و فەشەلی سیاسەتەکانی ئەمەریکایە، تا ڕادەی دان پێدانانی ئیدارەی بۆش‌و دارودەستەکەی لە ڕاپۆرتی بیکەر-هاملتۆنەوە بگرە تا "ئیستراتیژە نوێ"یەکەی بۆش. دیارە ئەم ئیدارە هارو نیو لیبراڵەی ئەمەریکا لە پەلەقاژەی مەرگدایەو لە ژێر ناوی "سەرکەوتن" ێکی وەهمی دا کە بۆخۆی دارشتوە، ئامادەیە کۆمەلگای عێراق ئەوەندەی تر نوقمی خوێن‌و شەڕ بکات‌و سیناریۆی ڕەش‌و مەئساتی ئینسان لە عێراقدا قوڵتر بکاتەوە.

خاڵێکی دیکە ئەوە بوو کە دەسەلاتدارانی بەغدا، هیچ کامیان ناتوانن مەسەلەی دەوڵەت لە عێراقدا یەکلا بکەنەوە بەحوکمی بەرنامەو سیاسەتێکی ئیسلامی‌و تائیفی‌و قەومیەوە کە پێکهاتەیانەو بەم پێیەش هیچ کامیان ناتوانن نوێنەرایەتی خەڵکی عێراق بکەن. ئەمە بە جیا لە عەمەلکردو سیاسەتەکانیان، کە ڕۆژانە خەڵکی عێراق بەرەو هەڵدێرو قوڵکردنەوەی شەری تائیفی‌و هەروەها هەڵگیرسانی شەری قەومی دەبات‌و لەهەمانکاتدا تیرۆریزمێکی دەوڵەتی پیادە دەکات لە ڕێگای دەزگا سەربازی‌و ئەمنیەکانی خۆیەوە.

مەسەلەیەکی دیکە ئەوەبوو کە ڕۆلی جمهوری ئیسلامی لە قوڵکردنەوەی سیناریۆی ڕەشی عێراقدا، ڕۆڵێکی سەرەکییە لە ڕێگای دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکانیەوە، لە ئیسلامی سیاسی بەتایبەت کە ئەم بەشە لە ئیسلامی سیاسی دەسەلاتی بەدەستەو بەم پێیەش حکومەتە تائیفی‌و قەومییەکەی، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی تیرۆرو ئیعدامی ئێرانەوە ئاراستە دەکرێت. ئەم مەسەلەیە خەتەرێکی گەورەی پێکهێناوە بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵی عێراق. بەتایبەت فەشەلی سیاسەتەکانی ئەمەریکا ئەوەندی تر دەستی حکومەتی کۆنەپەرستی ئێرانی کردۆتەوە، بۆ قولکردنەوەی شەری تائیفی‌و فراوانکردنەوەی دامێنی نائەمنی‌و نائارامی. حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران گشت هەلومەرجی سەختی ئەمرۆی عێراقی کردۆتە وەرەقەیەکی سیاسی لەپێناو سات‌و سەوداو سازش لە گەل ئەمەریکاداو بەم پێیەش بەهێزکردنی جێگاو مەوقعیەتی خۆی لە ناوچەکەدا. دیارە وولاتانی دیکەی ناوچەکەش ڕۆلی خۆیان هەیە لە نائارام کردنی وەزعی عێراقدا، بەلام هیچکامیان‌و بەکۆی هەمووشیان، تا ئێستا نەیانتوانیوە ڕۆلی کۆنەپەرستانەو تیرۆریستانەی جمهوری ئیسلامی بگێرن.

لەمبارەوە مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە، کە فەشەلی ئەمەریکاو نەبونی ئاسۆیەك لەلایەن ئیدارەی بۆش‌و هەروەها پارتی دیموکراتی ئەمەریکاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق‌و تەنانەت ئەمری کێشانەوەی هیزەکانیان، ڕەوتی کردنە دەرەوەی ئەمەریکاو کۆتایی هێنان بە داگیرکاری فراوان‌و خێراتر کردۆتەوە. لێرەدا تەوەرەی سەرەکی ئەوەیە کام هێزو بزوتنەوەیە مۆری خۆی دەدات لە پێشرەوی‌و هێنانە مەیدانی خەڵکی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەمری کۆتایی هێنان بە داگیرکاری. تا ئێستا مۆری ئیسلامی سیاسی بەم ئاراستەوە دیارە. لەسەر ئێمەپێویستە مۆری خۆمان لە بزوتنەوەیەك بدەین کە کۆتایی دەهێنیت بە داگیرکاری‌و لە جێگایدا دەوڵەتێك پێك دەهێنیت، کە وەلام بداتەوە بە نیازەکانی خەڵکی عێراق. بەکورتی بەبروای من سیاسەت‌و ئیستراتیژی ئەمەریکا لە عێراقدا ئایندەکەی تەواوبوە. بەڵام ئەمە خود بەخود مانای چونە دەرەوەی هیزەکانی ئەمەریکا نیە. لەمبارەوە ئەمەریکا ئامادەیە تا بۆی بکرێت عێراق نوقمی خوێن‌و شەری تائیفی‌و قەومی‌و تیرۆریستی بکات لە پێناو ئەوەی کە فەشەل‌و شکستی خۆی ئیمزا نەکات وەك ئەوەی کە لە ڤێتنام ڕوی دا، یان لایەنی کەم بە ڕوویەکی سپیەوە خۆی دەرباز بکات. لەلایەکی دیکەشەوە هەروەك ئاماژەم پێدا ڕۆلی ئیمە چ وەك حزب‌و چ وەك کۆنگرەی ئازادی عێراق لەم نێوەدا تەنها ڕۆشناییە بۆ رزگارکردنی خەڵکی عێراق لە جەهەنەمێك کە ئێستا تیایدا دەژی‌و لە ئایندەیەکیش کە جەهەنەمی ئیسلامی سیاسیە، ئەگەر بێت‌و ڕۆڵ‌و جێگاو ڕیگای ئێستایان ناکام نەکرێتەوە.

سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیارەکەتان، من پێم وایە حکومەتی مالکی فەشەلی هێناوەو تەنانەت پێش ئەوەی پێك بێت، لایەنی کەم بۆ ئێمە ڕۆشن بوو کە شکست دەخوات‌و پێشتر ئەوەمان ڕاگەیاندوە. حکومەتی مالکی نەك ئایندەی نیە بەڵکو دەمێکە فەشەلی هێناوەو لەمبارەوە کۆتایی بە تەمەنی هاتوە. ئەم حکومەتە ناتوانێت حکومەتی بالێکی نێو باڵەکانی دەسەلاتدارانی بەغدا نەبێت، واتە ناتوانێت حکومەتی ئیسلامی سیاسی شیعی نەبێت، ناتوانێت حکومەتێکی تائیفی نەبێت، ناتوانێت تیرۆریست نەبێت لە ڕیگای پالپشتی کردنی لە فرقەکانی مەوت‌و باندەکەی صەدرو ڕێکخراوی بەدرەوە. حکومەتی مالکی هەم شەڕی تائیفی خۆش دەکات‌و فراوانی دەکاتەوە، هەم لایەنێکی سەرەکییە لە کێبەرکێ‌و جەنگی تیرۆریستی کە ئەمڕۆ سایەی کێشاوە بەسەر هەلومەرجی سیاسی‌و کۆمەلایەتی عێراقدا. ئەمە بەجیا لەوەی کە تا ئێستا نەیتوانیوە بچوکترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکات بە خەڵکی عێراق لەکارەباوە بگرە تاکو دەگاتە سوتەمەنی کە عێراق لەسەر دەریایەك لە نەوت دەژی. لەلایەکی دیکەشەوە دامێنی هەژاری‌و

نەبونی گەیاندۆتە ئاستێکی ترسناكو دژوار، کە گەندەڵیو هەڵلوشینی سەروەتو سامانی خەڵك هۆیەکی سەرەکی ئەم دیاردە فراوانەی هەژارییە. بۆیە ئەم حکومەتە بێ ئایندەیە سەرەڕای پالپشتی ئەمەریکا بۆی.

وەلامی دوا بەشی پرسیارەکەتان، لە ڕوانگەی منەوە ئەوەیە: ئەگەر کێبەرکێو شەڕ لە سەر دەسەلاتی سیاسی لە پێناو یەکلاکردنەوەی دەوڵەتدا، هەر لە نێوان ئەو هێزانەدا بێت کە ئێستا لە دەسەلاتدان لە بەغدا لە لایەكو هێزە تیرۆریستە ئۆپۆزیسیۆنەکانیان لە ئیسلامی سیاسیو بەعسیەکان لەلایەکی دیکەوە، ئەوا بێگومان ئایندەی کۆمەڵگای عێراق، تاریك تر دەبێت لەوەی کە ئێستا هەیەو گشت کۆمەڵگای عێراق نوقم دەبێت لە شەری تائیفیو قەومیو تیرۆریستیدا، کە کۆمەڵگای عێراق بەرەو لێك ترازانێکی خەتەرناك دەباتو بواریك ناهێلێتەوە بۆ ژیانی ئاسایی ئینسانەکان. مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم غۆلە "ئەمەریکا" کەوتوەو پەلەقاژەیەتی. ماوەتەوە سەر ئەوەی کام هێزە لە پەلەقاژەی دەخات. لێرەدا ڕۆلی حزبو کۆنگرەی ئازادی عێراق دوو تەوەرەی سەرەکینو لە بڕیارنامەکەماندا بەڕۆشنی باسکراون. حزب پێویستە ئالۆگۆر بەخۆی بداتو وەك حزبی ئەلتەرناتیڤ لە ئاستی کۆمەلایەتیدا بە ڕابەرو سیاسەتو فکرو فەرهەنگی خۆیەوە دەربکەوێتو لایەنێکی سەرەکی بێت لە کێبەرکێو شەر لەسەر یەکلاکردنەوەی دەوڵەت.

**ئۆکتۆبەر: کەواتە لەمبارەوە پێویستە حزب چی بکات بۆئەوەی بتوانێت ئەو ئەرکەی سەرشانی جێەجێبکات. واتە ئەو پرۆسێسو هەنگاوانە چیە کە حزب دەخاتە سەر ڕێچکەی ئالوگۆڕپێدان بۆ حزبێکی سیاسی؟!**

سامان کەریم: پێویستە حزب، لە هەموو بوارەکاندا خۆی بەهیز بکاتو لەسەرەوە وتم کە ئەم کارە پێشمەرجەکەی بونی ڕابەرییەکی ئامادەو بەرچاو ڕۆشنە لەباری سیاسییەوە، بەبێ ئەمە هیچ کارێك مەیسەر نابێت. پێویستە حزب بەناونیشانی حزبێکی مارکسیستی شۆرشگێر لە هەموو جێگایەك لە گەرەكو لە کارگەو لە زانکۆ... قاعیدەی جەماوەری خۆی بەهیز بکات، ڕێکخراوەو کۆمیتەو شانە حزبیەکانی پتەوو مارکسیست بکات، کادرەکانی بەوێنەی کادرانێکی شارەزاو خاوەن ئیتلاعێکی فراوانی سیاسیو حیکمەتی بن (مەنصوری حیکمەت) ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی پر تیژابکاتو وەڵام بداتەوە بە کێشە سەرەکیەکانی ئەمڕۆی عێراق، کە گرنگترینیان ڕابەریکردنو هێنانە مەیدانی خەڵکی عێراقە بۆ کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکاو کۆتاییهێنان بە داگیرکاریو لەمبارەوە حزب پێویستە نەخشەی تایبەتی خۆی هەبێتو وەك گرنگترین ئەرکی فەوری بیخاتە دەستوری کاری خۆیەوەو لە دەرەوەش هەوڵ بدات هاوپشتی جیهانی بۆ ئەم بزوتنەوەیە ڕابکێشێت. لەهەمانکاتدا حزب پێویستە وەڵامی سیاسیو ڕۆشنی هەبێت بەرانبەر بە نەبونی ئەمنیەت، هەژاریو نەداری... پێویستە تا لە توانایدایە هەوڵ بدات کۆنگرەی ئازادی عێراق بەهێز بکاتو کۆمەڵانی خەلك ڕێکخراو بکات بەدەوریدا لەریگای ریکخراوەو کۆمیتەکانو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیەوە هەولبدات ئەم کارە ئەنجام بدات. لەهەمانکاتدا پێویستە هێزی ئەمان بەهیز بکات، لەلایەك لەباری سیاسیەوە وەك ئەندامانی حزب جێیان بخاتو لەلایەکی دیکەوە لە ڕیگای کتلەی حزبی خۆیەوە لەنێو هێزی ئەمانو کۆنگرەدا، هەولبدات بۆ پتەو کردنی هێزی ئەمانو فراوانبونەوەی دامێنی ئەم هێزە وەك هێزێکی سەربازی پێشڕەو کە لەخزمەت دابینکردنی بەرژەوەندیو خواستەکانی خەڵکدایە. حزب پێویستە ریکخراوە کرێکارییەکان لە یەکێتی شوراو نەقابە کریکارییەکانەوە تا دەگاتە یەکێتی گشتی نەقابە کرێکارییەکانو هەر ڕیکخراوەیەکی کرێکاری کە تێدەکۆشێت لەپیناو بەرژەوەندیو خواستی کرێکاراندا بەهێزو پتەو بکاتو نەخشەی خۆی لەم بارەوە بخاتە ڕوو. هەروەها لەمەیدانی لاوانو ژناندا پێویستە ریکخراوەی ئازادی ژنو کاری خوێندکاران بەهیز بکرێن. ئەنجامی ئەم کارە سیاسی- عەمەلیانە هاتنەمەیدانی ریزێکی نوێ لە ڕابەرانی حزب، ریزێك کە لە ریزی پێشەوەی نارەزایەتی خەڵکدا وەستاوە، وەك رابەرانی سەراسەریو مەحەلی بزوتنەوە نارازییەکان دەرکەوتونو ناسراون لە ئاستی کۆمەلایەتیدا. کۆمیتەو ریکخراوەکانی حزب لە زۆر گەرەكو ناوەندی کرێکاریو زانکۆو پەیمانگاکان لە ریزی پێشەوەی نارەزایەتیەکانداو بونەتە نوینەری بەشیکی فراوانی ئەو شوێنانە، ریکخراوە جەماوەرییەکانی نزیك بەحزب جیگاو ریگایان بەهیزو فراوان بۆتەوە، بونەتە جیگای ریکخراوکردنو یەکگرتوکردنی هەلسوراوانو نارازیانی ئەو شوێنانە. توانای عەسکەری حزبو هیزی ئەمان بەرادەیەکی دیار وەکو هێزێکی خەباتگێروپاریزەر لە خواستو بەرژەوەندی کرێکارانو جەماوەری بەش مەینەتو ژنانو لاوان ناسراون لە ئاستی کۆمەلایەتیداو گەشەیان کردوە...

لە کۆتاییدا دەمەوێ لە وەلامی ئەم پرسیارەدا بلێم کە مەسەلەی سەرەکیمانو فەوریمان: ئالۆگۆرپێدانی حزبە بۆ حزبیکی سیاسی قودرەتمەند لەلایەكو لەلایەکی دیکەوە بەهێزکردنی کۆنگرەی ئازادی عیراقو هێزی ئەمان، دوو تەوەرەی هەرە سەرەکین بۆ ئەوەی کۆمەڵگای عێراق ڕابەرانی خۆی دەست بکەوێتو رزگاریان ببێت لە سیناریۆیەکی ڕەش کە ئێستا ڕۆژانە سەدان کەس قوربانیەکەیەتی. لەمبارەوە ئەرکی سەختمان لە پێشەو پێویستە ڕابەری حزبو تەواوی کادرانی حزب بەدەوری ئەم ئەرکە فەوریو حەساسانەدا خۆیان زیاتر ئامادە بکەن. ئەمڕۆ کۆمەڵگا وەڵامی عەمەلیو ئالۆگۆڕی مەلموسی دەوێت لە ئێمە.